# منی بینی.....؟؟

**چیرۆکە شیعر**

**ئالان پەری**

**منی بینی..؟؟**

**من دڵنیام کە ئەو منی بەو شێوەیە نەبینی..، چونکە چرکەکان زۆر کەمتربوون لەوەی کە بەوردی لەڕوخسارم بڕوانیٚ‌و چاوم بدوێنیٚ.**

**نا..نا ئەو منی نەبینی..، بەڵکو پەیکەرێکی کۆن لەڕەنگی قەوزەی بن دەریایی بینی..، منی نەبینی کە کاغەزی ئەو چامەیەم بەدەستەوەبوو و دەمویست بۆ دواجار لەدێرە کزو هەلاهەلاکانیان بڕوانم.. ئەو چامەیەیی کە بەدەنوکی شەوانی زستان نوسرابوو، پیتەکانیشی بەهەنسکی هەورەکان تەڕکرابوون.. ئەو چامەیەیی کە بڕیارم دابوو لەناوی بەرم‌و لەهیچ دیوانە شیعرێکدا جێی نەبێتەوە.. بەڵام هەندیٚ جار ئەو دێرە نەویستانەی شیعر وەك مێژوویەکی بەتاڵ لەڕاستی ئەوان لەناوم دەبەن‌و دەمخەنە سندوقێکی نەکراوە بۆ هەتاهەتایە.. نا..نا ئەو هەرگیز ئەو ڕووداوانەی نەبینی.**

**منی بینی....؟؟**

**منی بینی ئەو کاتەی خۆرم لەسەرشان کردبوو بۆ ئەوەی ئاسمان لەشینێتی خۆی نەکەویٚ‌و ئێوارەشم پڕکردبوو لەڕەنگی پرتەقاڵ بۆ ئەوەی بزەی گەردوون بێزار نەبیٚ لەتاکە ڕەنگی شەو..؟؟ دڵنیام کە ئەو گوێبیستی ئەو هاوارانەی ناخم نەبووە کە هەناسە ساردو گەرمەکان لەیەکتر دەخزان بۆ ئەوەی ژیانێك لەلێدوانێکی هێمن پێکبیٚ..، ئەو سەرمایەشی لەجەستەم هەست پێنەکرد کە لەسەر سەکۆی مەرگ دەهاتە ئارا بۆ ئەوەی جیهان نەخەویٚ‌و زەوی بێتە هەژان.**

**نا.. نا ئەو کوشتنەی منی بەچاوی خۆی نەبینی کە لەگۆڕەپانەکانی تەنیایی بەرەوڕووی ڕێبوارانی بەیانیان دەبووەوە.. ئەو هیچی نەبینی جگە لەزەردەخەنەیەکی بیٚ بەهاو چەن ووشەیەکی بیٚ دەنگ لەتاریکی.**

**منی بینی....؟؟**

**نا... نا ئەی وەرزە بەزۆر سەپێنراوەکانی تەمەن.. نا ئەی پایزی جوانەمەرگ ئەو منی نەبینی کە لەدرەختی بووندا هەڵدەوەرام.. نا ئەی بەهاری شەهید ئەو منی نەبینی کە لەباخێکی ڕازاوەی بۆندا نێرگزم**

گرتبوو.. نا ئەی زستانی سپی ئەو هەرگیز منی نەبینی کە لەکەناری چاوەڕوانی هاتنەوەدا پەنجەو و دڵو ئامێزم سڕبووبوونو ڕەنگی شەختەم لەدەریا سەندبوو.. نا نا ئەی هاوینی تینوو ئەو هەرگیز منی نەبینی کە ڕەنگی ئاو لەئاوم دەکردەوەو دەمکردە بەرتۆی جەستەی بەختەوەریی ئەو..

...... ئەو چۆن من بینی..؟؟ چۆن بەهەموو هێزێکی ڕەشەباوە بتوانێ ڕوو لەمن بکا..؟؟

منی تەنیاو تەنها ووشەشم تێکشکانبێ..

منی تەنیاو تەنها ورەم ڕوخان بێ..

منی تەنیاو تەنیا دانیشتنم بۆ خۆکوشتن بێ..

....؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

چۆن من بینی چۆن...؟؟؟

کە من سیمای (هەوا)م ونکردبێو... دەنگی کۆترەکانم لەقەفەزێکی خەونێك کپ کردبێو.... کوختی ئامێزەکانم داخستبێ... ئێستا ئەو چۆنو بەکام گۆشە نیگاوە بڕوانێتە پارچەپارچەیی من..؟؟

کە من ڕێگای گەڕانەوەم وونو وێڵ کردبێو.. کەشتی ماچە نزیکەکانم نوقمی دەریای خەیاڵ کردبێ.. ئێستا ئەو چۆنو بەچ ئەندازەیەك بگاتە باوەشە داهێزراوەکانم..؟؟؟

کە من پەنجەرەی نووسین لەسەر پرچی خاوی باران شکاندبێو.. تاوانی هەموو مرۆڤەکانیش هاتبێتە پاڵ تاوانەکانم ئێستا ئەو چۆنو بەچ زمانێکی دێرینی ئەم مەرگەساتە بمدوێنێ..؟؟

منی بینی....؟؟؟

نا...نا منی نەبینی.... ئەو هەرگیز ئەو لەرزینەی ناو ناخی منو زەوی نەخوێندەوە.. ئەو هەرگیز ئەو خەونە پاراوەی منو ئەستێرە ماندووەکانی پێشبینی نەکرد.. ئەو هەرگیز بەدوای شوێن پێکانی منو مانگە سەرخۆشەکەی شەوان نەکەوت..

ئێستا ئەو چۆن دەرگای ئاسنینی شەرمی خۆی دەشکێنیو چۆن زەریای ئەوین سەربەست دەکا..؟؟ چۆن ڕکی پیاوەتی من دەوروژێنێو چۆن لەزەتی جێگای خەوم گوڵڕێژ دەکا..؟؟ ئەو من نابینێ... ئەو دورەپەرێز ڕاوەستاوە لەکێشی منو دەریا.. خۆی نوقمی خەم ناکا.. بەرگی ڕەشیش لەخۆیو نەورەسەکان ناپۆشێ..

ئەو من نابینێ... یان لەڕووی نایەت بەخەیاڵی ڕووت لەبری شەو ڕێڕەوبکا.. من نابینێ یان ناوێرێت دڵی خۆی بەپەتی چیرۆکە ڕۆماناسییەکان گرێ بداو خۆیو منیش بخنکێنێ لەخۆشەویستی..

منی بینی....؟؟؟

منی بینی؟؟